# بەزمی مورەشەح!!

نوری بێخاڵی

تەکەتول و تەکەتولبازی بە درێژایی مێژووی سیاسی کورد،بەتایبەتی دوای پێکهێنان و دروستکردنی رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەی سیاسی، سیمایەکی زەقی نێو بزوتنەوەی سیاسی کوردستان بووە. رەنگە لە زۆر حاڵەتەکاندا و بەخوێندنەوەمان بۆ مێژووی پارتە سیاسییەکانی دنیا و ململانێ نێوخۆییەکانیان ئەم دیاردەیە شتێکی ئاسایی ببوبێت و، لە پرۆسەیەکی تەندروستدا خۆی بینیبێتەوە و، لە ئاکامدا خزمەتی بەخودی حزبە سیاسییەکە و کۆمەڵگە کردبێت، کەچی کە لە ئەزموونەکانی کوردستان دوڕوانی ( زۆر کەم نەبێت) ئەم پرسە تەواو پێچەوانەیە.

ئەو تەکەتولبازییانەی نێو حزبی کوردی ئەوەندەی سەرچاوە لە میزاجی شەخسی و بەرژەوەندی تایبەتی و فزولیەت و هەلپەرستی کەسێك – تاقمێك دەگرێت، نیو ئەوەندە بنەمایەکی فیکری – ئایدۆلۆژی نەبووەو نییە، بنەمایەك کە لەگەڵ خۆیدا ئیزافەیەك بکات و جۆرێك لە گۆڕان و پێشکەوتن لە بونیادی بیرکردنەوەی سیاسی و دنیابینی حزبدا بەرهەم بهێنێت ، بەجۆرێك دواتر بکەوێتە خزمەتی ئامانج و ئەرك ستاتیژەکانی حزب و کۆمەڵگە.

لەلایەکی تر ئەوەی ئاسایی و تەندروست نییە ئەو فۆڕم و شێوازە سەقەتانەن کە لەرێگەیانەوە تەکەتول خۆی نمایش دەکات، هاوکات لەگەڵ نالۆژیکی و بێ بنەمایی پاساودانەکانی...ئەو تەکەتولبازییەی نێوکایەی سیاسی کوردی لەهەندێ شوێنکاتدا (بەتایبەتی دوای راپەڕین) لە هەندێ فۆڕم و شێوازدا دەرکەوتووە و دەردەکەوێت، کە باوەڕ ناکرێ لە هیچ ئەزموونێکی دنیا و هێزە سیاسییەکانیدا بەرچاو بکەوێت، مەگەر لە رۆژهەلات و لەوێش لەناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و سیستمە داخراوو دۆگماکاندا ئەم شێوازگەل و تەرزە ئەزموونە بەدی بکرێت.

ئێستا مۆدیلێکی نوێ و بەریتمێکی تازە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان گوزارشت لەو دیاردەیە و تۆخبوونەوەی مەیلی تەکەتولبازی دەکات، هاتۆتە ئارا. بەتایبەتی لەلایەن هەندێك لەوانەی بەشێوەیەکی سروشتی و بەگوێرەی شایستەیی خۆیان نەگەیشتوونەتە ئەم پێگەیە (کە گومانی تێدانییە زۆربەی جار خودی حزب و هەڵسەنگاندنی بۆ کاراکتەر و هەڵسوڕاوەکانی ئەم رەوشەی خوڵقاندووە) ، کە لە پێناو دەستگرتن بە ئیمتیاز و بەرژەوەندییەکان و بەکارهێنانی وەك کارتێکی فشار و، بۆ قەرەبوکردنەوەی فەشەل و دۆڕانەکانیان لە ململانێ و رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لە چوارچێوەی حزبدا، برەوی پێدەرێت. بەڕاشکاوانەتر بلێین ئەو شێریان لە دەسەلات و ئیمتیازەکانی هەیە.

بێگومان ئەوانەی خزاونەتە نێو ئەو گەمەیە کە بەهۆیەوە خەریکە ئەرك و وەزیفەی حزبایەتی رایەڵ و نۆرم و بەهاکانی لەدەست دەدات، بەدڵنیاییەوە خەڵکی سادە و رەشۆکی نین، بەڵکو ئەوانەن کە لە بورجی عاج و هەرەمی حزبدان، ئەو کەسانە لە هەوڵێکی دۆنکیشۆتانە و بەبێ ئەوەی باکیان بەوە هەبێت ئاکامەکانی چی دەبن و وەك فزولێك لەو هاوکێشانەدا بەشدارن...بەزمی، یان رونتر بلێین دیاردەی (مورەشەح) ئەو مۆدیلە نوییەی تۆخکردنەوەی تەکەتولبازییە، بەلام بەئاراستە و شێوازێکی تر.

ئێستا وایلێهاتووە ئەگەر حزب هەر پۆستێکی بەتاڵی هەبێت، جا خوا دەیکرد (گاوانی! !) دەبوو، ئیدی ئەوە هەر مورەشەحی فلانە ، مورەشەحی فیسار دەسمێ... هەر بابای تەکەتولبازە بەشان و باڵی مورەشەکەیداو حیکمەت

لەدەستنیشـانکردنی هـەڵ دەدات و، لـە پـەناو پەسـێوانیش بەپاشـەملە تـیر لـە سـێبەری تەکەتولچـی (مورپەشـیح)ی بەرامبەری دەگرێ... پێم وایە زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵـێین سـاتەوەختێکە حزبـی کـوردی ئەوەنـدەی سـەرقاڵی ئـەو مەهزەلە سیاسی و رازیکردنی دڵی ئەم و، هێورکردنەوەی جۆش و هەڵچوونی ئەو، هێنـدەی خـەمی بەخۆداچـوونەوە و خۆخوێندنـەوەی نییـە، بـۆ نوێبوونـەوە و گـۆڕان و بەرهـەمهێنانی دنیابینیـەکی سیاسـی — سـتراتیژی کـە هاوشـانی گۆڕانکاری و پێشهات و پێشکەوتنە سیاسی — کۆمەلآیەتی — ئابووری — فەرهەنگییەکان بێت.

بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگایەکی حکومی — ئۆرگانێکی حزبـی نـوێ، هێشـتا هـەر بیرۆکەیـە و گەلاڵـە نـەکراوە، کـەژی دەبینی پێشوەختە لەم سەر تا ئەو سەر مورپەشەحی مەنسولەکان ریزیان بەستووە، ئەمە تۆمەتێك نییـە کـە بیخەینـە ئەستۆی کەس، بەڵکو راستییەکە و رۆژانە دەیبینین و هەستی پێدەکەین... بۆ هەرکوێ دەچیت.. سەربەکام ئۆرگاندا دەکـەیت.....هـەرکێ دەدوێنیـت... باسـی هەرچـی دەکـەیت، یەکڕاسـت دێیتـەوە سـەر ئـەو باسـەی لـە فـلآن شوێنکات،دەزگای..یان ئۆرگانی نازانم چی دەکرێتەوە...گـۆڕان لـە سـتافی فلآنـە دامـەزراوە دەکرێ،هیچـت بۆخـۆت نەکردووە؟! بەزمی هەر خۆشیش لەوەدایە کە زۆربەی ئەوانەی تەرشیح کراون یان دەکرێن، لەئاستی پێویسـتدا نـین و شیاوی ئەو شوێنە نین، بەلآم بابـای مورپەشـیح تـەنها بـۆ ئـەوەی بـەوانیتر بڵـێ ئـەوش مورپەشـەحەکەی مـن ,، دەبـێ دابمەزرێ!

ئەرێ گەلۆ! بلێی حیکمەتەکەی شیعری (حاجی قادری کۆیی) پڕ بەپێستی ئەم دیاردەیە نەبێت، کە دەڵێ:

**چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا**
**بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حەجرەدا**

ئاخۆ ئەم بەزمە کەی و چۆن و لە کوێدا کۆتایی دێت؟!